


هاینرش بیل

# کورتە چیرۆکی پێکەنەر

و: گوڵبەن شەریف

**هێزی وشە لەوانەیە هەندێ جار لە هێزی شەقەزللە و دەمانچە توندتر بێت.**
هاینرش بیل

شەرمێکی بەهێز دەمگرێت گەر کەسێک پرسیاری ئەو کارەم لێ بکات کە من کردوومەتە پیشەی خۆم، سوورهەڵدەگەڕێم و لە قسەکردندا زمانم دەگیرێت، گەر بمەوێت ناتوانم... هەرچەندە من لە هەربارێکدا بەمرۆڤێکی ئارام و بڕوابەخۆبوو ناسراوم، بۆیە من ئیرەیی بەو خەڵکانە دەبەم، ئەوانەی دەتوانن بڵێن: من بیناسازم، ئیرەیی بەسەرتاش و ژمێریار و نووسەر و ئەدیبیش دەبەم بەسادەیی وڵامەدانەوەیان، هەموو ئەو پیشانە لەخۆوە ئاشکرا دەبێت و پێویستی بەڕوونکردنەوەی زیاتر نییە، بەڵام بەناچاری دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە و بڵێم: کاری پێکەنین دەکەم، ئەم جۆرە وەڵامەش روونکردنەوەی زیاتری دەوێت چونکە پرسیاری

پاشتر راستەوخۆ ئەمە دەبێت "ئایە بەو پیشەیە دەژیت؟" وەڵامەکەم بە "بەڵێ" دەبێت، هەر بەڕاستی بژێوی ژیانم لە پێکەنینەکەم پەیدا دەکەم، بەڵکو دەسکەوتی باشیشم دەبێ، من پێکەنینێکی بەقازانج پێدەکەنم، من پێکەنەرێکی جیاوازم، هیچ کەسێک نییە بتوانێت وەکو من پێبکەنێت، هەروەها هیچ کەسێک لە پێکەنیندا ئەو بەهرەیەی نییە هاوتای بەهرەی من بێت، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ خۆم بەئەکتەر دەناساند، بۆ ئەوەی خۆم دوورەپەرێز بگرم لەو ناتۆرە قۆڕانەی کە پێوەم دەلکا، بەڵام بەهرە و توانای ئەکتەریم و گوتاربێژیم زۆر کەمترە لەوەی کە وەسفی خۆم بەوشێوەیە بکەم، هەروەها من راستیم خۆش دەوێت، راستیش ئەوەیە کە پێکەنەرم، پێکەنیناوی نیم، ئەکتەرێکی کۆمیدیش نیم، من بۆ ئەوەش پێناکەنم خەڵکیش کەیفخۆش بکەم، بەڵکو پێکەنینیان پێشکەش دەکەم، من وەکو ئیمپراتۆرێکی رۆمانی و قوتابییەکی رۆمانسی ئامادەیی پێدەکەنم، وەکو پێکەنینەکانی خەڵکی سەدەی حەڤدە بەسادە و سانایی پێدەکەنم، تەواو وەکو خەڵکی سەدەی حەڤدە، گەر کارەکە پێویستی کرد وەکو خەڵکی هەموو سەدەکان و رۆژگارەکان پێدەکەنم، هەروەها وەکو هەموو چینەکانی کۆمەڵگە، ئەمەش زۆر بەسادەیی و سانایی فێربووم هەروەکو چۆن مرۆڤ فێر دەبێت پێڵاوەکانی لەپێ بکات، من بەڕوونی هەموو جۆرەکانی پێکەنین دەناسم "پێکەنینی ئەمریکییەکان و ئەفریقییەکان، پێکەنینی سپی و سوور و زەردپێستەکان، من بەکرێ پێدەکەنم، تەواو لەو کاتەی دەرهێنەر دیاری دەکات.

وام لێ هات دەستم لێ هەڵنەدەگیرا، من لەسەر قەوان و کاسێت پێدەکەنم، هەموو دەرهێنەرانی درامای رادیۆیی بەرێزێکی زۆرەوە مامەڵەم لەگەڵ دەکەن، چونکە لە توانامدایە وەکو مرۆڤێکی رەشپێستی خەمۆک و وەکو مرۆڤێکی ئاسایی و کەسێکی خووگرتوو "هیستریا" پێبکەنم، دەتوانم وەکو عارەبانچییەکی کانگەی خەڵووز و منداڵێکی سەوزەفرۆشیش پێبکەنم، ئیدی پێکەنین هەموو ژیانمە پێکەنین لە بەیانی و لە شەودا، پێکەنین لە نیوەشەو و کاتی خۆرئاوابووندا، بەکورتی: لە هەموو شوێن و ساتێکدا کە پێویستە لەسەرم تێیدا پێبکەنم، خاو نابمەوە.

لەوانەیە هەندێک کەس بڕوام پێ بکەن گەر بڵێم پیشەیەکی لەم جۆرە زۆر تاقەتبڕ و پڕ هیلاکییە، ئەمەش جگە لەوەی من لە جۆری پێکەنینی ساری "گواستنەوەی بۆ کەسێکی دیکە" زۆرباشم- ئا ئەمەش بەتەواوی پسپۆریمە، لەبەر ئەوە وای لێ هات وازهێنانیان لەمن مەحاڵ بوو، بەتایبەتی لای ئەکتەرانی کۆمیدی پلەی سێ و چوار، ئەوان بەهۆی نوکتە و

گاڵتەجاڕییە بێتامەکانیانەوە بەتوندی دەلەرزن، منیش هەموو شەوێک بەکرێ لە شانۆی جۆراوجۆر لە ناوەندی جەماوەر دادەنیشم بۆ ئەوەی لە شوێنە لاوازەکانی ناو نمایشەکە پێبکەنم، بەو شێوەیەش جەماوەر پێدەکەنن، بەڵام ئەوەش دەبێت بەوپەڕی وردییەوە بێت، چونکە پێکەنینێکە بەدەنگەوەیە و دەبێ لە ناخی دڵەوە دەربچێت، ڕێگاپێدراویش نییە پێشی کاتی دیاریکراو یان پاشی کاتی دیاریکراو دەربچێت، بەڵکو دەبێ تەواو لەساتی شیاودا بێت، پاشان بەپێی حاڵی نمایشەکە کە چەند ڕێگە بدات و لەو کاتەی کۆتاییدا کە جەماوەر بەبەرزترین دەنگ پێدەکەنن جێگای خۆم لە ناو جەماوەردا بەجێ دێڵم، بەو شێوەیە لە گاڵتەجاڕییە بێزارکەر و قۆڕەکانیان ڕزگار دەبن، لە کۆتایی نمایشەکەدا کە لەو پەڕی شەکەت و ماندووبووندام، بێ ئەوەی کەسێک لە جەماوەرەکە بمبینێ بەدزییەوە دەچمە ژووری جلکەکانەوە، ئەمجا پاڵتۆکەم لەبەر دەکەم و لەوپەڕی دڵخۆشیدام کە لە کۆتاییدا ئەمڕۆم تەواو کرد، کاتێکش دەگەڕێمەوە ماڵەوە نامەیەکی زۆر و پەیام چاوەڕوانم دەکەن، زۆربەی وتەکانی ئەم نامانەش دەڵێ "ئێمە زۆر پێویستمان بەپێکەنینەکەت هەیە، تۆمارکردن ڕۆژی سێشەممەیە"، ناچار دەبم لە کاتێکی درەنگدا لە ماڵ دەربچم، پێویستی خۆشم دەبێ لە شەمەندەفەری خێرا و فێنکدا چەند کاتژمێرێک دابنیشم و بەدرێژایی ڕێگەکە خەفەت بۆ بەختی خۆم بخۆم.

ئێستا هەموو کەس وادەزانن، منیش وەکو هەموو مرۆڤێک پاش تەواوبوونی کارەکەم و لە کاتەکانی پشوودا هەست بەکەمێک ڕاکێشان دەکەم بەلای پێکەنیندا، بەڵام ئاشکرایە شیردۆش لەوپەڕی خۆشیدا دەبێت گەر بتوانێ مانگاکان لە بیر بکات، تەواو وەکو ئەو خۆشییەی بیناسازێک هەستی پێ دەکات گەر بتوانێت کەرەسە و کەلوپەلی بیناسازی لە بیر بکات، هەروەها دارتاشەکان زۆرجار وادەبێت ئەو دەرگایانەی لە ماڵەکانیاندا هەیە هەڵتەکێنراوە و چەکمەجەکانیان بەگرانی و ماندووبوون نەبێت ناکرێتەوە، بەڵکو زۆرجار دەبینین شیرینی فرۆشەکان حەز بە خەیاری خۆشەکراو دەکەن، کەچی قەساب حەز بەخواردنی شیرینەمەنی دەکات، تەنانەت نانەوایەکەش کونجییەکە لە نانەکان دەکاتەوە تاکو بەبێ نان بیخوات، زۆرانبازانی گا پێیانخۆشە بە چاکە و ئاشتی مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا بکەن، هەتاکو زۆرانبازانی مشتەکۆڵەش کاتێ منداڵێکی لووتی تووشی خوێنبەربوون دێت، ڕەنگیان زەردهەڵدەگەڕێ، هەموو ئەم نموونانە دێنمەوە بۆ ئەوەی بڵێم من هیچ کاتێک پاش تەواوبوونی کارەکەم پێناکەنم و منیش مرۆڤێکم لەوپەڕی جدییەتدام،

تا ئەو رادەیەی کە خەڵکی وابزانن – لەوانەیە هەقیشیان بێت – کە من مرۆڤێکی خەفەتبار و بەدبینم.

لە ساڵانی یەکەمەکانی زەماوەندی من و ژنەکەم، بەردەوام پێی دەگوتم "پێبکەنە... پێبکەنە... بۆ پێناکەنی؟!"، پاشان بۆی روون بووەوە کە من ناتوانم ئەم ئارەزووە بەدینەهاتووەی بۆ بەدی بێنم، منیش زۆر خۆشحاڵ دەبم گەر بتوانم ماسوولکە ماندووەکانی روخسارم و هەستە شەکەتەکەم بحەسێنمەوە بەهۆی پێکەنینی بەردەوام و بەدرێژایی کاتی کارەکەم، لە توانامدا نییە لە کارەکەم بحەوێمەوە جگە بەجدییەت و گرژبوونەوەی رووخسارم نەبێت، بەڵێ... ئەمە راستە، تەنیا بەپێکەنینی کەسانی تر دەمارم دەگیرێت، چونکە بیری کارەکەم دێنێتەوە وەکو پێکەنەرێک، ئەمەش بەرەو ژیانێکی خێزانداری ئارام و بێدەنگی بردین، هەرچەندە تاوناتاوێک بەزەردەخەنەیەکەوە دەمگرت، منیش زەردەخەنەم بۆی دەکردەوە، وامان لێ هات لەگەڵ یەکتردا قسەمان نەدەکرد تەنیا بەسەدایەکی زۆر نزم نەبێت، من ڕقم لە هەرای شانۆی کۆمیدیا و هەمەڕەنگ دەبێتەوە، ڕقیشم لەو هەرا و دەنگەدەنگە دەبێتەوە کە ستودیۆ و شوێنەکانی تۆمارکردن پڕ دەکات، ئەو کەسانەشی باش نامناسن بەمرۆڤێکی دورەپەرێزم تێدەگەن، لەوانەیشە وەهابم، چونکە من بەردەوام و بەدرێژایی کاتی کارەکەم دەمم دەکەمەوە و پێدەکەنم.

بەم شێوەیە و بەدرێژایی کات بەڕوخسارێکی گرژەوە دەژێم و ژیان بەسەردەبەم، هەندێ جار ڕێ بەزەردەخەنەیەکی تەنک بەخۆم ئەدەم، من بەردەوام بیر لەوە دەکەمەوە، ئایە بەهەموو تەمەنی خۆم بەتەواوی پێکەنیوم یان نا؟، وا بزانم وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە ئەوەیە: نەخێر، براکانم پێم دەڵێن من لە رۆژگاری منداڵیمدا بەجدییەت و کەمی پێکەنین ناسرابووم.

بەم جۆرە من بەهەموو شێوە و رەنگێک دەتوانم بەباشی پێبکەنم، بەڵام تەنیا یەک پێکەنینیش ناناسم کە تایبەت بێت بەخۆم و دەربڕی خودی خۆم بێت.